وەزیری دەرەوەی ئێران: دڵنیاین بەئەگەری ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ واشنتۆن

ئەمڕۆ یەکشەممە "عەباس عەراقچی"وەزیری دەرەوەی ئێران، جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی دەتوانێت بگاتە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و بەلایەنانە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە گەرەنتی ئەوە بکات ئێران چەکی ئەتۆمیی نەبێت.

"عەراقچی" لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئاژانسی موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند: گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و بەلایەن کە گەرەنتی نەبوونی چەکی ئەتۆمیمان بکات، تەنانەت لە ماوەیەکی کورتیشدا شتێکی گونجاوە و دەکرێت بەدی بهێنرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد : تاران چاوەڕێی هەڵگرتنی سزاکانی ئەمریکا و ڕێزگرتن لە مافەکەی دەکات بۆ بەردەوامبوون لە پیتاندنی یۆرانیەم بە مەبەستی ئاشتییانە.

هەروەها ڕوونیکردەوە: ئێمە ئامادەی جەنگین لە ئەگەری شکستهێنانی دانوستانەکان، و ئەگەری زۆرە ململانێکان سنوورەکانی ئێران تێپەڕێنن.

وەزیری دەرەوەی ئێران ڕاشیگەیاند: جەنگ بە هەمووان دەبەتە کارەسات و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەبنە ئامانج.

لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: متمانەمان بە واشنتۆن وەک هاوبەشێکی دانوستانکار لەدەستداوە، بەڵام

ئا□وگ□□کردنی پ□یام□کان ل□ □□گ□ی و□ا ت□ د□ست□کان□و□ ئاسانکاری د□کات ب□ ئ□نجامدانی گفتوگ□ی ب□رھ□مدار.